ئاو پاک وپاککەرەوەیشە وهیچ شتێک پیسی ناکات

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووترا بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-: ئایا دەستنوێژ بگرین لە بیری (سەرچاوەی) (بوزاعە)، ئەمیش بیرێکە پەڕۆی سووڕی مانگانە وگۆشتی سەگ وشتی پیسی تێ فڕێدەدرێت؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئاو پاک وپاککەرەوەیشە وهیچ شتێک پیسی ناکات».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە کە ئاو پاکە وهیچ شتێک پیسی ناکات تەنها بە بەرکەوتنی پیسەکە بۆنێو ئاوەکە ئەگەر ڕەنگ وبۆن وتامی ئاوەکە نەگۆڕێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8356